# ئاستەنگەکانی بەردەم دەستوری هەرێمی کوردستان

**لەتیف مستەفا ئەمین**

**جامعة التنمية البشرية، كلية القانون والسياسة – قسم القانون**

## پێشەکی

دەستور یاسای بنچینەییە و بنەمای مەشروعیەت و حوکمی یاساشە چونکە سەرچاوەی شەرعیەتی هەموو یاساکانەو یەکێکە لە پایەکانی دەوڵەت یان حوکمڕانی دامەزراوەیي ویاسايي چونکە دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت ڕێک دەخات و سنور بۆ دەزگاکانی دەسەڵات دادەنێ و بڕیار لەماف و ئازادیەکانی تاکەکان دەدات و دیاریان دەکات وەک کۆتێک لەسەر دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت ( یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەری ) کە نەتوانن دەست درێژیان بکەنە سەر یان پێشێلیان بکە هەر یەکەو لەسنوری دەسەلاتی خۆی بەم پێیە نەبوونی دەستور واتە حوکمی میزاجی و کەسی دەسەلاتداران کە هێچ سنوریکی دیاری کراو نیە بۆ دەسەڵاتیان .

هەربۆیە دەستوور پێداویستیەکی حەتمیە بۆ هەر کیانێک جا دەولەت بێت یان هەرێمێکی فیدرالی ، وە بەگویرەی مادەی ١٢٠ لەدەستوری عێراقی فیدرال هەریم مافی خۆیەتی وە لەهەمان کاتدا ئەرکیشیەتی کە دەستورێکی هەبێ دەسەڵاتەکانی ناو هەرێم ریکبخات و ماف و ئازادی تاکەکانیش دیاری بکات بەمەبەستی دروستکردن و بنیاتنانی هەریمیکی دەستوری یاسايي و دامەزراوەیي.

### کێشەی تویژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە سەرەڕای ئەوەی کە دەستوری عیراقی بەرکار ساڵی ٢٠٠٥لە مادەی ١١٧ ەدا دانی بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانیدا ناوە وەک هەرێمێک لەناو عێراقی فیدراڵدا و لەمادەی ١٢٠ یشدا دەڵێت ( هەرێمیک دەستوری خۆی دادەنێت و هەیکەلی دەسەلاتەکانی هەریمی تیدا دیاری دەکات لەگەل دەسەلاتەکانیان واتە سەڵاحیەتی ئەو دەسەلاتانەو میکانیزمی پڕاکتیزەکردنیان بەمەرجی پێچەوانە نەبێ لەگەڵ دەستوری عیراق) بەداخەوە سەرەڕای تیپەڕینی نزیکەی ١٧ ساڵ بەسەر ئەو دەقە ئامیرەی دەستوری عیراق هەریم دەستوری بۆخۆی دانەناوەو تا ئیستا پێشیلی ئەو دەقە دەکات.

### چوارچێوەی تویژینەوەکە

توێژینەوەکە لە چوارچیوەی ئەوەدا دەخولێتەوە سەربارەت بەدەستنیشان کردنی ئەو کۆسپ و ئاستەنگە واقیعی و سیاسیانەی کە هەن و ڕێگرن لەبەردەم دەرچونی دەستوریک بۆ هەریم

### ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینیتەوە کە ئاستەنگەکانی بەردەمی دانانی دەستوری هەریم دەست نیشان دەکات بەمەبەستی دەست خستنە سەر ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە و دیاری کردنیان بۆ ئەوەی ئەگەر دەسەڵاتداران بیانەوی بەراستی دەستور بۆ هەریم دابنین سودی لیببینن و هەوڵ بدەن بەسەر ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەدا زال بن

### میتۆدی زانستی توێژینەوەکە

مئتۆدی زانستی تویژینەوەکە میتۆدی وەسفی و شیکاریە باس لە ئەستەنگەکان دەکەین و پێشنیازی چارەسەریشیان بۆ دەکەین



doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190

**پلانی توێژینەوەکە**

بابەتەکە وای پێویست کرد کە لە دوو باسدا بخەینە روو باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ماهیەتی دەستور  کە خۆی لە دوو داواکراودا دەبینێتەوە لەداواکراوی یەکەمدا باسی  پێناسی دەستورو ئەرکی دەستور باس دەکەین  داواکراوی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ باس کردنی پیداویستی دەستور لەهەریمی کوردستان وە داواکراوی سییەم و کۆتاییش تەرخانە بۆ سیفەتەکانی دەسەلاتی بالای دەولەت

باسی دوەمان تەرخان کردوە بۆ باس کردنی ئاستەنگەکانی بەردەم دانانی دەستوری هەریم کە خۆی لە چوار داواکراودا دەبینێتەوە لەداواکراوی یەکەمدا باسی نەبوونی دەسەلاتی دەولەتی دەکەین لەهەریم ، داواکراوی دوەم باس لە کاریگەریە هەریمیەکان دەکەین داواکراوی سێیەمیش تەرخان کراوە بۆ زاڵ بوونی دیدی حیزبی بۆ دەستور دواداواکراو مینتالیتی شۆرشگێری وەک ئاستەنگ لەبەردەم دانانی دەستور

لە کۆتاییشدا ئەو دەرنجام و پێشنیازانەی پێی گەیشتوین نوسیومانن

## باسی یەکەم
## ماهیەتی دەستوور

### داواکراوی یەکەم
### پێناس و ئەرکی دەستور

**یەکەم : پێناسی دەستوور**

دیارە لەچەندین روەوە پێناسی دەستور کراوە

لەوانە لەروی زمانەوانیەوە وشەی دەستوورکە لە عێراق و ولاتانی ناوچەکە بەکار دەهێنرێت لە بنچینەدا ووشەیەکی کوردی یانا فارسیە بەمانای خاوەن دەسەلات دێت هەروەها بەمانای ئەو کۆمەلە بنەماو رێساو نەریتانەش دێت کە گروپێک یان کۆمەلەیەک جا کۆمەلایەتی بن یان سیاسی بن یان ئاینی بەکاریان دێنن و لەسەریان دەرۆن وەک خێزان یان هۆزو تیر یان پارتی سیاسی یان شوێنکەوتوانی ئاین یان مەزهەبێک لەناو کوردەواری خۆمان دەلێین فلانە کۆمەل دەستوریان وایە ( .....)

ناوە ئینگلیزیەکەیشی بەواتای بناغە یان دامەزراندن دێت یان دروست کردن و پێک هاتن[i] بەواتای یاسای دامەزراندن یان بنچینەیی ، هەربۆیە لایەنگرانی پێناسی زمانەوانی دەستور وای پێناس دەکەن ( کە بریتیە لە کۆمەلە بنەمایەک کە دەولەت پێک دەهێنێ و دروستی دەکەن )

هەروەها لەروی روالەتی ( شەکلی) یەوە پێناسە دەکرێت کە (

کۆمەلە بنەمایەکی بنچینەیین لە چوارچێوەی  بروانامەیەکی یاساییدا پێی دەوترێ دەستور [ii]

بەلام لەرووی بابەتیەوە پێناسی دەستور دەکرێت ( کۆمەلێک بنەمای یاساین کە شکلی دەولەت[iii] و حکومەت دیاری دەکەن و دەسەلاتەکانی  دەولەت رێک دەخەن لەروی چۆنێتی دروست بون و پێک هاتنیان وە دەسلاتی هەریەکەیان وە پەیوەندی نێوانیان ، سەرەرای ئەوە ماف و ئازادیەکانی تاک لەدەولەتدا لەدەستوردا بریاری لێ دەدرێت و دیاری دەکرێن )[iv]

**دووەم : ئەرکی دەستوور**

وەک لە پێناسەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەرکی دەستور رێکخستنی دەسەلاتی بالای دەولەت و دیاری کردنی سنوری ئەرک و بەرپرسیارێتی هەرکام لەو دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و پەیوەندی نێوانیان و چاودێری کردنی یەکتر و دیاری کردنی ماف و ئازادیەکان وەک کۆت و بەندێک لە سەر دەسەلاتداران کە نەتوانن دەستدرێژی یان تەجاوز بکەنە سەر ئەو ماف و ئازادیانە ، کەواتە ئەرکی دەستور سنورداركردنی دەسەلاتی فەرمانرەواو دەسەلاتدارانە و لە خاوەن دەسەلاتەوە دەیانکات بە فەرمانبەر یان وەکیل و نوێنەری خەلک ، ئەگەر لەسنوری دەسەلاتی خۆیان دەرچون روبەروی لیپرسینەوە دەبنەوە، واتە ئەرکی دەستور سنورداركردنی دەسەالتداران و فەرمانرەوایانە وە دەستور دەبێتە سەرچاوەی رەوایەتی کارو بریارەکانی هەموو دەسەلات و دامو دەزگاکان لەوەلاتدا ، بۆیە دەوتری هەموو دەولەتان یان زۆربەی هەرزۆریان دەستوریان هەیە بەلام مەرج نیە هەموویان دەولەت یان دەسەلاتی دەستوری بن ، جیاوازی هەیە لەنێوان دەستورو دەولەتی دەستوری ، چونکە رژێمە دیلتاتۆری و کۆدیتاچیەکانیش دەستور دادنێن بەلام هەر بەناو دەستورەو بۆ ژوانکردنی روی خۆیانە ئەگەرنا لەراستیدا هیچ بەهایەکی نیەو ناتوانێ پابەندیان کات هەر بۆیە هەندێک


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190

دەستور دەبەستنەوە بە سیستەمی  دیموکراتی و دەڵێن  کە ( دەستور کۆمەڵێک بنەمای یاساییە کە هەڵدەستێ بەدیاری کردنی دەسەڵاتە گشتیەکان و ماف و ئازادی تاکەکان لە سایەی سیستەمیکی دیموکراتی نوێنەرایەتیدا وە یاسای دەستوری لەراستیدا یەکێکە لە جیاکەروەکانی سیستەمی دیموکراتی ) [v]

چونکە کاری دەستور دروستکردنی دەوڵەتی یاسایە و کاتیکیش دەوڵەتی یاسا دروست دەبێ و بەشداری دەکا لە دروست کردنی بنەمای ڕەوایەتی یاسایي و ڕیگاو شیوازی هەلبژاردنی دیاری کردنی فەرمانڕەوایان دیاری دەکات و سنوری دەلاتەکانیان ئامانج لە حوکمڕانیتیەکەیان بۆ دیاری دەکات، خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی زاڵ بون و لەناوبردنی سیستەمی دیکتاتۆری و ئیستیبدادی و بە شیوەی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی گەرەنتیکردنی مافی تاکەکان و ئازادیە گشتیەکان ، کەواتە دەستور باڵانسێک دەپاریزیت لەنێوان پیدوایستی مرۆڤ بۆ دەسەڵات و حوکمڕانی لەگەڵ پاراستنی ماف و ئازادیەکانی ، هەربۆیە هەندی لەزاناکانی وەک جۆرج بیردۆ دەڵین خودی دەوڵەتیس لەگەڵ دروست بون و داهینانی دەستور بەومانایەی سەرەوە وەک دەرەنجامێکی شۆڕشی دیموکراتی تەماشا دەکەن کاتیک دەوڵەت وەک کەسایەتیەکی مەعنەوی لە کەسی حاکم واتە دەسەلاتدار جیادەبێتەوەو چیتر وەک موڵکی تایبەتی حاکم نامێنیتەوەو چیتریش حاکمەکان خاوەنی دەوڵەت نین بەڵکو نوێنەری خەڵکن بۆ حوکمڕانی کردن لەجیاتی ئەوان بۆ ئەو ماوەیەی بۆیان دیاری کراوە کە حوکمڕانی بکەن بەگویرەی ئەوگریبەستەی لەنێوانیاندا هەیە کە دەستورە هەر بۆیە دەڵین دەوڵەت لەورۆژەوە دروست بوە ئەوەی پێشتر هەرچی بویت دەوڵەت نەبوە ، بیگوێدانە ئەوەی کە لەگەڵ ئەم بۆچونە هاوڕا بین یان نا بەڵام دەڵێین کە ئەم بۆچونە گرنگی ڕۆڵی دەستور پیشان دەدا کە پێویستە هەیبیە لە هەموو دەوڵەتیک یان کۆمەڵگایەکدا و ئەگەر ئەو ڕۆلە نەبینی ئیتر دەستور نیە با ناویشی دەستور بیت

## داواکراوی دووەم

## پێداویستی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان

دەستور بەو مانایەی سەروە نەک هەر پێویستە بەڵکو پایەیەکی هەر کۆمەڵگایەکی سیاسیە جا دەوڵەت بیت یان هەریمیک لەناو دەوڵەتیکی فیدرالی ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەبوایە لەساڵی ١٩٩٢ ەوەو ودوای بەیانی فیدرالی لە ٤/ ١٠ی ساڵی ١٩٩٢[vi] ەوەو دەستورمان دابنایە ، چونکە بەگویرەی ئەو بەیانەی پەرلەمانی کوردستان دەریکرد ، گەلی کوردستان لەڕێی نوێنەرەکانیەوە بڕیاریدا بەدیاری کردنی چارەنوسی خۆی لەناوعێراقدا بەشێوەی هەرێمێکی فیدرالی و بەکەمتر لەوە ڕازی نابێ وەک سیغەی پێکەوە ژیانی هاوبەش لەناو عێراقدا ،هەموو هەرێم یان ولایەتیکیش لەناو دەوڵەتی فیدرالیدا مافی ئەوەی هەیە دەستوری هەبێت ، بۆیە من لەساڵی ١٩٩٤ لە کۆڕو سیمینارردا لە هۆڵی مەڵبەندی سلیمانی یەکێتی وتم کە زۆر درەنگە و دەبوایە ئێمە دووساڵ بوایە دەستوری خۆمان دابنایە ، هەر لەو کۆڕەدا وتم کە گرنگی نەدانی دەسەڵاتدارانی هەریم بەدانانی دەستوریک بۆ هەریم نیشانەی خراپن ئەوەیان لێ دەخوێندرێتەوە کە نەیانەوی بەدەستور حوکمڕانی بکەن وئەمەش کاریکی خراپە ، یەکێک لە ئامادەبوانی کۆڕەکە  زۆر بەتوندی هاتە جواب وتی کەسایەتیە شۆڕشگێڕي گەورەکانی وەک  مام جەلال کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ کورد تەرخان کردوەو پیویستی بەدەستور نیەو هەرگیز شتێک ناکات لە بەرژەوەندی گشتی خەڵک نەبی ، تەنانەت لەناو ئامادەبوانیشدا جۆریک لەنارەزاییم خویندەوە بەرامبەرم ، ئەوسا تێگەیشتم کە خەلک دیکتاتۆر دروست دەکات

هەروەها ئێمە هەلێکی تری مێژوویمان لەدەستدا بۆ نوسینی دەستوری هەرێمی کوردستان ، ئەویش لە سەروبەندی ڕوخان و دوای ڕوخانی ڕژیم زۆر گرنگ بوو پێش نوسینەوەی دەستوری عیراقی فیدراڵی دەستوری هەرێمان دابنایە ، ئەگەر وامان بکردایە دوایي بەدەرچونی دەستوری فیدراڵی و دانانی بەدەستوری هەریم هەروەکو چۆن لەمادەی ١١٧ دا دانی نا بەهەریمی کوردستان و دەسسەلاتەکانی وەک هەرێمیکی فیدرالی ، ئەوکات دەشیا کۆمەڵێک لە مافەکانمان لەو دەستورەدا جیبکردایەتەوەو بەدانانی دەستوری عیراقیش بەدەستورەکە لە کۆمەڵێک کێشە رزگارمان دەبوو کە تائیستا پێیانەوە دەنالێنی

ئەگەر هەبێ پاساوی هەبێ بۆ ئەوەی کەپێشتر دەستورمان دانەناوە ئەوا لەدوای دانانی دەستوری عیراق و چونە بواری جێبەجیکردنەوە لەساڵی ٢٠٠٦ ئیتر نەک هەر پاساو نەماوە بەلکو دەردەکەوی کە بە زۆر دواکەوتوین و سەرپیچی دەستوری عیراقیشمان کردووە چونکە لەمادەی ١٢٠ ی ئەو دەستورەدا وجوبیە واتە واجبە هەموو هەرێێکی فیدرال دەستوری خۆی هەبێ بەدانەنانی دەستور (هەرێم هەڵدەستێ بەدانانی دەستورێک بۆخۆی ، هەیکەلی دەسەلاتەکانی هەریم ودەسەڵاتەکانی و میکانیزمی پیادەکردنی ئەو دەسەززززززلاتانە دیاری دەکات بەمەرجێ پێچەوانە نەبێ لەگەڵ دەستور ) کەچي بەداخەوە سەڕاری تیپەرینی ١٥ سال بەسەر جیبەجیکردنی دەستوری عیراقدا و بوونی ئەو دەقە ئامرە لەناویدا لەهەرێمی کوردستان دەستور دانەنراوە واتە ئێمە  هەر ئەوە نیە کە دواکەوتبین لە دانانی دەستوریک بۆ هەریم بەڵکو  و سەرپێچي و پێشیلی دەستوی عێراقیشمان کردوەو دەتوانین بڵێین کە دەسەلاتەکانی هەریمی کوردستان لە دوای جیبەجیکردنی دەستوری عێراقەوە ئیشکالیاتی شەرعیەتی دەستوریان هەیە  ( تەقریبەن وەک دادگای باڵای فیدرالی تەبعەن لە گەڵ جیاوازی نیوانیان)


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190

## داواكراوی سێیەم

## سیفاتەكانی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتی[vii]

هەموو كۆمەڵگایەكی سیاسی دەبێ دەسەڵاتیكی تیدابێ ، هیچ كۆمەڵگایەكی سیاسی گەورە یان بچوك بەبێ دەسەڵاتی سیاسی نابێ ،دەسەڵاتیكی ئامر كە تەنیا خۆی ئامڕازەكانی فەرمان كردن و نەهی كردن و ناچاركردن بەجێبەجیكردنیان قۆرخ دەكات بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵات و كۆنترۆلی خۆی و مسۆگەركردنی جیبەجیكردنی فەرمانەكانی ، ئەو هێزەی كە چوارەچێوەیەک بۆ هەڵسوكەوت و چالاكیەكانی ئەندامەكانی دیاری دەكات بەمەبەستی خزمەت كردنی ئامانجە كۆمەڵگەییە دیاری كراوەكان، تاكەكانیش پابەندی ڕێزگرتنی ئەو چوارچێوەو یاسای ڕێسایانە دەبن لە پێناوپیاراستنی كۆمەڵگەو پەیوەندیە كۆمەلگەییەكان

دەسەڵاتی سیاسی یان دەسەڵاتی دەوڵەتی بەكۆمەڵێک سیفاتی جیاكەرەوە لە دەسەلاتەكانی تری غەیرە دەوڵەتی وەک دەسەلاتی خیزانی یان ئاینی یان خێل یان ئابووری ..هتد دەناسرێتەوە كە دەتوانین لەمانەی خوارەوەدا كورتیان بكەینەوە :

**یەكەم** / دەسەڵاتێكی ئەسڵی ( ئۆریجناڵە) لە هیچ دەسەڵاتیكی تر نەكەوتۆتەوە دەسەڵاتی خۆی لە هیچ دەسەڵاتیكی تر وەرناگری دەسەڵاتێكی تەفویز كراونیە ، بەپێچەوانەی هەموو دەسەلاتەكانی تری ناو دەوڵەت وەک دەسەلاتی سەندیكاو ریكخراوەكان هەموینا لەدەسەڵاتی دەوڵەتەوە داكەوتون

**دووەم** / دەسەڵاتێكی باڵای ڕەهایە: هیچ دەسەڵاتیک لە سەرویەوە نیە یان هاوشانی نیە لەناو دەوڵەتدا وە هەرچی لەناو دەوڵەتدایە بەتاک و كۆمەڵەكانەوە پابەندو و ملكەچی ئەوو فەرمانەكانی ئەون و بەسەرهەمواندا پیادە دەكریت بێ جیاوازی جگە لەوانەی پێیان دەوترێت دیلۆماسی ، هەربۆیە هاولاتیانی هەر دەوڵەتیک بە ( تبعە و رعایای ) ی ئەو دەوڵەتە دادەنرێن چونكە پابەندی جێبەجێكردنی فەرمانەكانی ئەون

هەر خۆشی لە ناو سنوری هەرێمی خۆیدا دەسەلاتی دانانی دەستورو یاساكان و دیاری كردنی سیستمی حوكمڕانی هەیە و لەروی یاساییەوە ئیمتیازی دەركردنی فەرمان و سەپاندنی نیزام و گوێرایەڵی هەیەو هیچ دەسەلاتیكی تر بۆی نیە ئەوە بكات

هەر وەک دەرەنجامی ئەو خاڵە تەنیا خۆی دەبی ئامرازە مادیەكانی سەركوت كردنی هەبی بۆ كاتی پیویست كە خۆی لە هیزەكانی ئاسایشی ناوخۆو هیزی چەكدارو دەزگا سزاییەكاندا دەبینیتەوە ، كە تەنیا سەربەون وە خۆی دەتوانی فەرمانیان پێ بكات و بیانجولینیت بەمەبەستی پشتگیری كردنی جیبەجیكردنی بڕیارو فەرمانەكانی ، ئەم قۆرخ كردنی هیزە لەلایەن دەوڵەتەوە وا دەكات كە هیچ گروپ و دەستەو تاقمێک یان حیزبێكی سیاسی نابێ هێزی چەكداریان هیچ پێک هاتەو تەشكیلاتییكی سەربازی یان نیمچە سەربازی هەبێ ،وە هەركاتێک دەوڵەت ڕیگای دا بەو گروپ و دەستەو تاقم و حیزبانە كە هێزی چەكدارو میلیشیایان هەبیت دەبێتە هۆی جەنگی ناوخۆو ململانێی ئاژاوەگێڕی و سەرنجام دەگاتە ئاستی لەناوچون و نەمانی دەوڵەتەكە ، ئەوەش بەزەقی دەبینی لەو ولاتانەی ئەو دیاردانەیان تیدا هەڵداوە وەک لوبنان و ئەفغانستان ، یان دەوڵەتانی وەک یەمەن و لیبیاو ئیستاو عێراق وسوریاو چەندین وڵاتی تر بەرەو ئەو ئاقارە دەڕۆن

**سێیەم** / دەسەڵاتیكی هەمیشەیی و بەردەوامە : واتە ئەم دەسەڵاتە بە گۆرینی كەسی فەرمانڕەوا یان بەگۆڕینی حوكمەت و سیستەمی سیاسیش كۆتایی نایەت و لەناو ناچیت و بەردەام دەبیت مادام دەوڵەتەكە ین كیانە سیاسیەكە بەردەوامە

**چوارەم** / دەسەڵاتیكی دامەزراوەییە : واتە دەسەڵات جیایە لە كەسی فەرمانڕەواكان دەسەلاتی دەوڵەتی هی كەسی مەعنەوی دەوڵەتە نەک هی فەرمانڕەواكان ، واتە دەسەڵات بە چەمكی تازە ئەركە و فەرمانڕەوا وەک فەرمانبەریک و واجبێک دەیكات نەک وەک ئەوەی ئیمتیازی كەسی بیت یان خۆی خاوەنی دەسەلات بیت

**پێنجەم** / یەک دانەیەو دابەش نابێتو تەنازولیشی لیناكریت : یەكێک لە گرنگ ترین تایبەتمەندیە جیاكەروەكانی تری دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەوەیە كە یەک دانەیە و نابی بەدوان و دابەش نابێ ، ئەوەش كەپێی دەوترێ جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان واتە دابەش كردنی دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت بە ئاسۆیی بەسەر سێ دەستەدا یەكێک بۆ یاسادانو یەكێک بۆ جێبەجی كردن و یەكێک بۆ دادوەری ئەوە پەرت كردن و دابەش كردنی دەسەڵات نیە بەڵكو دابەش كردنی ئەرک و كارە و هەروەها یەكێكە لە میكانیزماەكانی ڕێكخستنی دەسەڵاتی دەوڵەت لەناو سیستمی دیموكراتی لیبراڵیدا بۆ ئەوەی دەسەڵات نەبێ بە تاكڕەوی یان دیكتاتۆری وەک گرەنتیەكیش بۆ ئەوەی دەوڵەتی یاساو حوكمی یاسا دروست بێ واتە ئەوە جۆریكە لەریكخستنی دەسەلات نەک پەرت كردن یان دابەشكردنی دەسەڵات و پایەیەكە لەپایەكانی دیموكراتی لیبراڵی كە دەستور خودی خۆی یەكێكە لەدەرەنجامەكانی یان ئامڕازەكانی ، بەهەمان شێوە دابەشكردنی شاقوڵی دەسەڵاتیس لە نێوان دەسەڵاتە باڵاكانی دەوڵەت لە پایتەخت لەگەڵ ناوچە جیاجیاكان جا لەسایەی دەوڵەتیكی فیدرالیدا بێت یان ناناوەندێتی كارگێڕی بەهەمان شێوە بە پەرت بوون و دابیس كردنی دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت دانانریت بەڵكو جۆرێكە لە نزیک كردنەوەی دەسەلات لەناوچە جیاجیاكانی وڵات بەلام دواجار دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت هەریەكەوە هەموو دەسەڵاتە لۆكاڵیەكان لە هەریم و ولایەتەكان یان لە ناوچە كارگێڕیەكان هەموویان دریژكراوەی دەسەڵاتی باڵای دەوڵەتن و لەوەو ڕەوایەتی و هیز وەردەگرن و دەسەڵاتی جیاو سەربەخۆ نین



doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190

واته دەسەڵاتی دەوڵەت لە سایەی رژێمێکی ناوەندیدا بێت یان لەسایەی رژێمێکی ناناوەندی یان فیدراڵی هەر یەکەو دابەش نابێ چونکە لە هەموو دەوڵەتێکدا دەبێ یەک دەسەڵاتی باڵا هەبێ کە قۆرخی هێز بکات نابێ دوان یان زیاتر هەبن ئەگەر دوان یان زیاتر هەبوون ئەوە بە دلنیاییەوە یەک دانەیان رەواتیەتی هەیەو دەبێ ئەوانی تر لەناو بەرێ ئەگەرنا ئەو دەوڵەتە بە یەک دەوڵەتی نامێنێتەوە

## باسی دووەم

## ئاستەنگەکانی بەردەم دەستوری هەرێم

### داواکراوی یەکەم

### نەبوونی دەسەڵاتی باڵای یەکگرتوو لە هەرێم (دەسەڵاتی دەوڵەتی)

لە باسی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا باسمان لەوە کرد کە ئەرکی بنچینەیی دەستوور رێکخستنی دەسەڵاتی باڵای دەوڵەتە بەمەبەستی سنورداركردنی و دامەزراندنی دەوڵەتی یاسایی دەستوری ,هەروەها وتیشمان یەکێک لەو میکانیزمانەی رێکخستنی دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت دابەشکردنیەتی بەشێوەی ئاسۆیی بەسەر سێ دەسەتەدا ( یاسادانان ، جێبەجێکردن ، دادوەری ) یان دابەشکردنی شاقوڵی لەنیوان ناوەند و ناوچەکاندا جا لەسەر شێووەی فیدراڵی بێت یان لەسەر شێوەی ناناوەندێتی کارگێری ، وتیشمان بەلام ئەوە دابەشکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت نیە بەڵکو دابەشکردنی کارەو دەسەلاتی باڵای دەوڵەت کۆمەڵێک سیفاتی جیاکەرەوەی هەیە لەسەلاتە نا دەوڵەتیەکان ئەویش ئەوەیە کە یەک دانەیەوە باڵاترین دەسەڵاتە هیچ دەسەڵاتێک لەسەرو ئەوەوە یان هاوشانی ئەو نیەو یەک دانەیەو دابەش ناکرێ ، لە شێوازی ئاسۆیی بیت یان شێوازی شاقوڵی دابەشکردنی ئەرکەکانی دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت ئەوە دەسەلات هەر بەیەکگرتویی دەمێنێتەوە وە ئەگەر زیاد لەدەسەلاتێک لەدەوڵەتدا هەبون خۆیان بەدەسەڵاتی باڵا زانی ئەکید ئەوە یەک دەوڵەت یان یەک کیانی سیاسی نیەو یان دابەش دەبێ یان دەبێ یەکێک لەدەسەلاتەکان دەسەڵاتەکانی تر بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و لەناویان بەرێ بەئاشتی بێت یاخود بە شەڕ.

هەرێمی کوردستان کوردستان لەرویی دەستوری و یاساییەوە یەک هەرێمی یەکگرتوی دەنیاسراوە وەک لەمادەی ١١٧ دەستوری عیراقدا هاتوە بەڵام لە واقیعدانیە وانیەو یەک دەسەلاتی دەوڵەتی یەکگرتومان نیە فەرمانڕەوایی بکات ، لە کوردستان دوو دەسەڵات هەن کە دەسەڵاتی دەوڵەتی نین ، یەکێک لە هەولێر و یەکێک لەسلێمانی تا ئەم ساتە وەختە و هەردوکیشیان خۆیان بە هاوشانی یەکتر دەزانن ،واتە دەسەڵاتی سلێمانی درێژکراوەی دەسەلاتی هەولێر نیە ، چونکە دابەشکردنی ئەرک نیە لە شێوازی نا ناوەندێتی کارگێری ئەوەی لە سلێمانی دەسەلاتی ناناوەندیتی کارگێری نیەو خۆی بەسەربەخۆو هاو کوفی دەسەلتی پایتەخت ئەزانێت ، کێشە ئەوەیە لە سلێمانی و لەهەولێریش دەسەلاتی باڵای دەولەت لەدەستی دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێمدا نین بەلکو لەدەستی دەزگاو کەسی پشت دەوڵەتەوەن یان پشت دامەزراوە فەرمیەکانی دەوڵەتەوە زیاتریش بەدەست بەرپرسی یەکەمی حیزبی باڵادەستە لە هەولێر و لە سلیمانیش بۆیە دەبینین دامەزراوە دەستورییەکانی وەک پەرلەمان و حوکمەت و سەرۆکایەتی هەرێم لە پایتەخت دەسەڵاتی راستەقینەی دەوڵەتیان لانیە و وەک کارمەند و فەرمانبەری سەرۆکی حیزبی دەسەلاتدارن لە سلیمانیش دەسەلاتی کارگێری لای دامەزراوە کارگێریەکانی وەک ئەنجومەنی پاریزگاو پاریزگا نیە بەلکو لەدەستی سەرۆکی حیزبی باڵادەستە

سەرچاوە ڕاستەقینەکانی دەسەلات وەک هێزی سەربازی و دارایی لە هەردوو زۆنەکە بەدەست سەرۆکی حیزبە یان بەدەست دەسەلاتی پاش دەوڵەتەوەیە ، لە سلیمانی هێزی سەربازی کە پێیان دەوتری یەکەی ٧٠ هێزێکی حیزبیەو ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی سەرۆکایەتی دەکات[viii] و لە هەولیریش هێزی سەربازی بەناوی یەکەی ٨٠ یەو ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی سەرکردایەتی دەکات[ix] ، هەروەها هێزەکانی ئاسیش و پۆلیس و هەواڵگری و دژە تیرۆریش لە هەردوو زۆن هەن و هەر یەکەیان فەرمانی کۆتایی لە سەرۆکی حیزبی باڵادەستی زۆنەکەی خۆی وەردەگرێت ، ڕاستە لە روی ڕواڵەتیەوە فەرمانی دامەزراندن و لابردنی ئەم دەزگا ئاسایش و هەواڵگریانە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەردەچێت بەلام لەراستیدا مەرسومی سەرۆکایەتی کۆمار لەراستیدا جگە لە ڕاستاندنی ئەو دامەزراندنە واقیعیە زیاتر نیە کە پێشتر سەرۆکی حیزب بڕیاری لیداوە، لەم کێشانەی ئەم دواییانەی نێوان هەردوو هاوسەرۆکی یەکێتی لە تەموزی ساڵی ٢٠٢١ لەسەر دەسەلاتی ناوحیزب ڕوویاندا ئەو بابەتە بەزەقی بەدەرکەوت کاریک یەکێک لە هاوسەرۆکان هەستا بەگۆڕینی سەرۆکی دەزگای زانیاری و سەرۆکی هێزی دژە تیرۆر لەبەر ئەوەی کە پێشتر سەر بە هاوسەرۆکەکەی تر بوون ، نیوەشەو بە هێزێکەوە چوە ناو بارەگای هەردوو دەزگاو هەردوو بەرپرسەکەی بە دووکەسی تر کە وەلائیان بۆخۆی هەیە گۆڕی .

هەربۆیە ئەگەر ئەرکی دەستور رێکخستنی دەسەلاتی باڵای دەوڵەت بێت ئەوە لە کوردستان دەسەلاتی باڵای دەوڵەتیمان نیە تاوەکو دەستور رێکی بخات هەر بۆیە تا هەرێمی کوردستان نەبێتە خاوەنی یەک دەسەلاتی باڵای دەولەتی یەکگرتوو لەم سەری هەرێمەوە بۆ ئەو سەری هەرێم ناتوانرێ قسە لەسەر رێکخستنی دەسەلات و ئامرازی رێکخستنی ئەو دەسەلاتە بکری کە دەستورە ، چونکە لەم حاڵەتەی ئێستادا ئەگەر دەستوریش دابنرێ لە دوو شێوانە تێناپەرێ یان دەسەلاتداران ئامانجیان لەدانانی دەستور بۆ ئەو ئەرک و ئامانجانە نیە کە پێویستە دەستور جێبەجێی بکات بەڵکو تەنها مەبەستیان


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190

بۆ جوان کردنی ڕووی سیستەمەکەیە و بۆ ئەوەی بە جیهان بڵێن دەستورمان هەیە وەک ئەوەی لە سیستەمە دیکتاتۆریەکاندا هەیە ، یان لە باشترین شێوەدا ئەو دەستورە تەنها لەزۆنێک کاری پێ دەکرێ

## داواکراوی دووەم
## کاریگەری وڵاتانی هەرێم

یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی ڕێگری کردن لەدروست بونی یەک دەسەڵاتی یەکگرتوی دەوڵەت لە هەرێم ،کە خۆی لەخۆیدا هۆکاریشە بۆ دانانی دەستوری هەرێم بەو شێوازەی لەداواکراوی یەکەمی ئەم باسەدا باسمان کرد کاریگەریە هەرێمیەکانن بەتایبەتی کاریگەری هەردوو ولاتی دراوسێی هەرێم ئێران و تورکیایە ، لای هەموان ئاشکرایە کە لە ڕووی مێژوییەوە ئێران ناوچەی سلێمانی و گەرمیان بەبشێک لە ناوچەی نفوزی خۆی دادەنێ و تورکیاش ناوچەی هەولێرو دهۆک بە ناوچەی نفوزی خۆی دادەنی ، هەمیشە لەهەولی ئەوەدا بوون هەر لایەکیان ئەو ناوچەی نفوزی خۆی بپارێزی ، دیارە لە ڕداوەکانی سالی ١٩٩٦ کاتێک سەرەتا یەکێتی نیشتیمانی هەولێری کۆنترۆل کرد و دوایش پارتی دیموکرات سلێمانی کۆنترۆل کرد ، چۆن هەردوو ئەوە هێزە هەرێمیە بەڕاستەوخۆ دەستیوەردانیان کردو هەرلایە پشتیوانی سەربازی لایەکیانی کرد بۆ پاراستنی ناوچەی نفوزی خۆیان [xi] ، هیچ کام لەو دوو دەوڵەتە ڕازی نابن بە دروست کردنی یەک دەسەلاتی یەکگرتوو لە هەرێم لە بەر دوو هۆکار :

**یەکەم** : ترسیان هەیە بەتایبەتی ئێران بەوپێیەی پایتەخت هەولێرەوە سنوری ناوچەی نفوزی تورکیایە ئەگەر یەک دەسەلاتی یەکگرتوی دەولەتی لە هەرێم دروست بێ بە دلنیاییەوە ناوەندەکەی لە پایتەخت ( هەولێر ) دەبێ کە ئەمەش ترس لای ئێرانیەکان دروست دەکات هەرێم بەتەواوەتی بکەویتە ژێر ناوچەی نفوزی تورکیا

**دووەم** : پەیوەندی بە تێڕوانینی ستراتیجی و مێژویی هەریەک لەو دو ولاتەوە هەیە بۆ کێشەی کورد وپێیان وایە دروست بونی هەرێمێکی دەستوری دامەزراوەیی و بەهێز مەترسیە بۆ سەرخۆیان بۆیە هەمیشە لەسەردەمی ئەمارەتەکانەوە تا ماوەیەک ڕێیان داوە بە دروست بونی ئمارەتەکان و کەی زانیویانە یان هەستیان کردوە کە خەریکە بەهێز دەبێ لەناویان بردوە ، بۆیە ئێستاش ڕێگا نەدان بە یەکگرتنی هەرێم و بەهێز بوونی یان بەرەو پێش چونی بۆ ئەوەی نەبێتە مەترسی لەسەر خۆیان و هەروەها نەبێتە هاندەریش بۆ پارچە داگیرکراوەکانی تری کوردستان لە ناو سنوری هەردوو دەوڵەتدا[xii]

هەر بۆیە ئەگەر بمانەوی دەستوری هەرێم دەربچێ دەبێ هەوڵ بدری کاریگەریەکانی ئەو دوو وڵاتە لەسەر هەرێم کەم بکریتەوە ، ئەگەر حوکمێکی ڕەشیدو ئیرادەیەکی نیشتیمانی هەبێ بە دڵنیاییەوە کاریگەریەکانی ئەو دولاتە ئەگەر بە تەواویش بنەبڕ نەکرێ دەشێ لاوازو کەم کاریگەری بکرێ چۆن لەسەرەتای ڕوخانی ڕژێمی سەدام و بەشداری لە سایەیی یەک ڕیزی هێزە کوردیەکان و بە پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی تا ڕادەیەک ئەوە کرا ، بەلام بەداخەوە لە ئیستادا ئەوە کارێکی قورسە ئەگەر نەڵێین موستەحیلە چونەکە هەرێم تا بینە قاقی لە گەندەڵی ڕۆچوەو هیچ ئیرادەیەکی نیشتیمانیش لە گۆڕێ نەماوە .

## داواکراوی سێیەم
## دیدی حیزبی بۆ دەستور

وەک لە پێناس و ئەرکی دەستوردا ڕونمان کردوەو کە ئەرکی دەستور بریتیە لە بنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەیی دەستوری و وتمان هەندێک لەزاناکانی یاسای دەستوری تەنانەت دەڵێن پەیدابونی دەوڵەت خودی خۆی دەگێڕنەوە بۆ پەیدا بونی دەستور وەک دەرەدنجامێکی شۆڕشی دیموکراتی نوینەرایەتی کە تیایدا ئیتر جیاکاری کرا لەنێوان دەوەت وەک دامەزراوە یان کەسایەتیەکی مۆڕالی گشتی و لەنێوان دەسەڵاتداران و ئیتر دەسەلاتداران بە پێچەوانەی سەردەمی پێشوو خاوەنی دەوڵەت نین بەلکو فەرمانبەری گشتین و ئەرکی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان لەلایەن گەلەوە پێ دەپێردری بۆ ماوەیەکی دیاری کراو و پێیان وایە پێش ئەوە دەوڵەت نەبوە و شتێکی تر بوە ،هەر بۆیە دەستور بۆ بەرژەوەندی کەسێک یان چەند کەسێک دانانریت لە ماوەیەکی دیارئ کراودا بەلکو دەستور بۆ دروست کردنی دەوڵەتە یان بۆ ڕێکخستنی دەلاتەکانی دەولەتە .

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان ئەم دیدە زاڵ نیە بەلکو دیدیکی بەرتەسکی حیزبایەتی یان تەنانەت کەسیتیش زاڵەو دەستور وەک بەرژەوەندیەکی حیزبی یان سیاسی لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمەوە سەیر دەکرێ و بەوچاوە لیی دەڕوانن و هەر حیزبەو دەیەوەی لەڕوانگەی بەرژەوەندی حیزبی خۆیەوە کاتی گونجاو بۆ دانانی دەستور هەلبژێری بۆ ئەوەی بتوانی بەو شێوەیە دایبرێژێ کە خۆی دەیەوی [xiii] ، هەر ئەم تێڕوانینەش بوە کە چەندین جار هەلی دانانی دەستور لەهەرێم بەفیڕۆ دراوە وەک ئەوەی لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد ، پارتی دیموکراتی کوردستان کە حیزبی یەکەن لە ڕوی ژمارەی کورسیەکان و لەڕوی ئەوەش کە کۆنترۆلی پایتەختی بەدەستە هەمیشە بەداوی کاتێکدا دەگەریت کە حیزبەکانی تر لاواز و پەرتەوازە بن بۆ ئەوەی ئەو دەستورەی ک پیی وایە لە بەرژەوەندی حیزبی خۆیەتی بسەپێنی ، لە بەرامبەریشدا حیزبەکانی تریش بە هەمان دیدی حیزبی لە دەستور دەڕوانن و


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190

ترسیان هەیە ئەگەر دەستور بەو شیوەیە بیت کە پارتی دەیخوازیت دژی بەرژەوەندی حیزبی خۆیان بیت.بەلام وەک وتمان دەستور نابی وەک بەرژەوەندیەک یان ئامرازیکی کەسی یان حیزبی تەماشا بکری چونکە بۆ کەسیک یان حیزبیک یان بۆ سەردەمیکی دیاری کراو دانانریت دەستوری دەولەتە دیمکراتیەکان ماوەی چەندنی دەیەو بگرە سەدەشیان بەسەردا تیپەریوە ئەو کەس و تەنانەت ئەو حیزبانەش کە لەسەردەمی ئەواندا دەستورەکە بۆ ولاتەکەیان دانراوە هەر بونیشیان نەماوە ، ئەم دیدە حیزبیەش خۆی لەخۆیدا دابەش بون زیاتر دەکات و ریگریش دەبیت لە دانانی دەستوریکی مۆدیرن کە بتوانی ئەرکی خۆی جیبەجی بکات

بۆیە تاوەکو دیدیکی نیشتیمانو دەولەتی ستراتیجی دریژ خایەن جیی ئەم دیدە کورت بینە بەرژەوەندی خوازە حیزبیە نەگریتەوە هەر دەستوریک لە دایک بی ناتوانی ببیتە دەستوری ڕاستەقینەو ئەرکەکانی دەستور جیبەجی بکات

## داواكراوی چوارەم

## مێنتالێتی شۆرشگێرانە وەک رێگریەک لە رێگریەکانی دانانی دەستورو بنیاتنانی دەولەت

ئەزموونە مێژویەکان پێمان دەڵیت کە ئەوانەی بە زەبروزەنگی شۆڕشگێری یان چەکداری هاتونەتە سەر کورسی دەسەلات بەدەگمەن پیاوی دەولەت بوون و زیاتر پیاوی دەسەلات بوون وە نەیان توانیوە دەسەلاتیکی دامەزراوەیی دەستوری دروست بکەن هەر لە شۆڕشی فەرەنساوە بیگرە کە بەدایکی شۆڕشەکانی ئازادی دادەنری لە هەموو جیهان و وەک چرایەک ڕوناکیەکەی بۆ هەموو جیهان بوو کەچی هەردوای ماوەیەکی کەم شۆرشگیڕەکان کەوتنە ویزەی یەکترو زەبرو زەنگ و توندوتیژی بۆ چەندین سال فەرنسای گرتەوەو دیموکراتی لە فەرنسا بۆ نزیکەی یەک سەدە دواخست هەروەها شۆڕش و بزوتنەوە چەکداری و کۆدیتا سەربازیەکانی جیهان لە ئەفریقاو ئاسیاو ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەلاتی ناوەراست هیچیان نەک نەیان توانی دەولەتی دامەزراوەیی دروست بکەن بە یێچەوانەوە ئەوەی هەش بوو یان چەکەرەی کردبوو لەناویان برد ، بۆ نمونە لە ولاتانی ناوچەکە کە پێشتر تاڕادەیەک دەوڵەت دامەزراوەیی پاشایەتی یان کۆماریان تیدا دامەزرابوو بەڵام لە ناوەراستی سەدەی ڕابردوداو لەژیر کاریگەری باهۆزی بیری چەپ و سۆشیالیزم لە زۆریک لە دەوڵەتانی ناوچەکە شۆڕش یان کۆدیتا کرا[xiv] لە ژیر پەردەی چاکسازی نەهیشتنی گەندەڵی و دابنی کردنی دەولەتیکی باشتر کەچی بە پێچەوانەوە هەموو ئەو وەڵاتانەی کە ئەو شۆڕش یان کۆدیتایانەیان بەخۆوە بینی کەوتنە ناو بازنەیەکی بی کۆتای گەندەڵی و توندوتیژیەوەو تا ئیستاش بەردەوامەو نەک نەیان توانی دەولەتیکی باشتر بنیات بنین وەک ئەوەی خۆیان بانگەشەیان بۆ دەکرد بەڵکو ئەوە هەشبوو بەروە نەمان و لەناوچون دەچی وەک عیراق ساڵی 1958 و میسر ساڵی 1952و سوریا 1949 و تونس 1987 و یەمەن 1962 و لیبیا 1963 و چەندین وەلاتانی تر لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو دەولەتی نیمچە دامەزراوەیی و دەستوری پاشایەتی یان کۆماریان تیدا دامەزرا بە یارمەتی وەلاتانی کلۆنیالیست و لە گەشەو نەش و نومای لەسەر خۆ بوون بەرەو دەوڵەتی دەستوری دامەزراوەیی بەڵام بە شۆڕش یان کۆدیتای سەربازی و هاتنە سەر حوکمی شۆڕشگیڕەکان یان کۆدیتا چیەکان ئەو هەندە دامەزراوەیی و دەستوریەش کە هەبوو لەنویان بردو ولاتیان گیڕاندەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی کەسی و فەرمان ڕەوایی میزاجی و دەیەها نمونەی بەرچاو هەن لەم بوارەدا

دیارە لە هەریمێ کوردستانیش ئەو دەسەلاتدارانەی ئەمڕۆ لەسەر دەسەلاتن ئەوانەن کە لە بزوتنەوەی چەکداری کوردستان بەشداریان کردوەویان ڕیبەرایەتیان کردوە و تەنانەت جیلی دوەمی حوکمڕانیش کە لەوانەیە تەمەنیان ریپینەدابن بەشداری ئەو بزوتنەوە چەکداریە بکەن بەلام هەلگری هەمان مینتاڵیتین و خۆیان بەدریژکراوەی خەباتی شاخ و شەرعیەتی شۆڕشگێڕین ، یەم جۆرە مینتالیتیەش ریگرە لە دروست کردنی دەسەلاتی دامەزراوەیی و دانانی دەستوریکی مۆدیرن کە بتوانی دەسەلاتیکی لەو جۆرە دابمەزرینی

هەر بۆیە دەبێ دەستور پیاوانی دەوڵەت دابینین نەک پیاوانی دەسەلات یان کەسانیک کە تیوەگلاون لە توندوتیژی چەکداری یان شۆڕش و عەقڵیەتی بنیاتنانی دەوڵەتیان هەبێ


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190

## کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوەکە گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە

دەستوری یاسای بنچینەییەو بناغەی ڕەوایەتیەو هەروەها نچینەو بناغەی دروست کردنی هەرمیکی یاسایی و دامەزراوەییە و کاریکی زۆر پێویستە بۆ هەر دەوڵەتیک یان هوەریمیکی فیدرالی و ئیمە لە هەریمی کوردستان دەبوایە هەرلە دوای ڕاگەیاندنی فیدرالی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەستورمان دابنایە ، چونکە هەموو هەریمیکی فیدرالی مافی دانای دەستوری خۆی هەیە

لە دوای دانانی دەستوری عیراق بەرکار بوونی لەساڵی ٢٠٠٦ ەوە و داننانی بە هەریمی کوردستان وەک هەریمیک لەناو عیراقی فیدرالدا بەگویرەی مادەی ١١٧ دەبوایە دەستورمان هەبی و وجوبیشە کە هەر هەریمیک دەستوری خۆی هەبی بەگویرەی مادەی ١٢٠ لە دەستور، بەڵام بەداخەوە سەرڕایتێپەڕ بوونی نزیکەی ٣٠ ساڵ بەسەر دامەزراندنی هەریمی کوردستان و ١٥ سال بەسەر دانان و بەرکاربونی دەستوری عیراقدا دەستورمان نیە ئاستەنگ و هۆکارەکان زۆرن بەلام دیارتریناین بریتین لە :-

نەبوونی دەسەلاتیکی دەوڵەتی یەککگرتووی بالا لە سەرتاسەری هەریمی کوردستاندا

کاریگەری هەریمی بەتایبەتی هەردوو ولاتی تورکیاو ئیران و دابەش بوونی هەریمی کوردستان بەسەر ناوچەی نفوزی ئەو دوو وڵاتە زل هێزە هەریمیەدا

نەبوونی عەقڵیەتی پیاوی دەولەت وونی عەلیەتی دەسەلاتخوازی و مینتالیتی شپرشگێری و چەکداری

زاڵ بوونی دیدی حیزبی و بەرژەوەندی کاتی حیزبی بەسەر دەستوردا

بۆ ئەوەی هەریم دەستوریکی هەبی دەبێ ئەو ئاستەنگانە لابرین یاخود لاوازو کەم بایەخ بکرین

واتە دەبێ یەک دەسەلاتی یەککگرتووی دەوڵەتی لەم سەری هەریمەوە بۆ ئەو سەری هەریم دروست بکری ئینجا باس لە ریکخستنی بکری لە چوارچیوەی دەستورد

هەروەها دەبێ کاریگەری ولاتانی زل هیزی هەریمی لاواز بکری ئەویش بە ئیرادەیەکی سیاسی سەربەخۆی بەهیز دەکری کە ئیستا نیە

سەرە ڕای ئەوانە پێویستە دەستور وەک کاریکی ستریتیجی دریژخایەن و بە عەقڵیەتی پیاوی ت=یان کەسی دەوڵەتی تەماشا بکریت نەک لەروی بەرژەوەندی تەسک و کورت مەودای حیزبیەوە

دیارە لابردن یان کەم بایەخ کردنی ئەو هۆکارانە پێویستی بە ئیرادەی سیاسی سەربەخۆو بەهیزو هەروەها عەقڵیەتی پیاوی دەوڵەتی دەویت کە بەداخەوە لە ئیستادا نین .

هەر بۆیە لەم زروفەی ئیستای کوردستاندا و بەلەبەرچاو گرتنی ئەو واقیعە دەستور یان هەر دەرناکری و وەک خۆی دەمێنیتەوە یان ئەگەر دەریش بکری لە دوو ئەگەر تیناپەرێت:

یاان ئەوەتا هەرناوی دەستور دەبێ و ئەرکی خۆی لە سنوردارکردنی دەسەلاتداران جیبەجی ناکات و ناتوانی هەریمێکی دەستوریمان بۆ بنیات بنێ بەلکو تەنها بۆ مەبەستی سیاسی ئیعلامی ڕادەگەیەنری بۆ ئەوەی لە جیهان بلێن دەستورمان هەیە بۆ جوان کردنی ڕوی سیستەمی سیاسی

یان تەنها دەبێتە دەستوری زۆنیک یان دەڤەریک و لە زۆنەکەی تر یان دەڤەرەکەی تر کاری پێ ناکریت

## الملخص

الدستورهو القانون الاساسي ومنه تستمد كافة السلطات صلاحياتها وشرعية اعمالها حيث يتمّ من خلاله تحديد شكل الدولة، وحكومتها، ونظام حكمها، وطبيعة السلطات، واختصاصاتها، والعلاقات فيما بينَها، وحدودها، إلى جانب تحديدِه لحقوق المواطنين: أفراداً، وجماعاتٍ، وضمان أداء هذه الحقوق لهم .

من حق أي اقيم او ولاية في الدولة الفدرالية ان يكون لها دستور ، وفي اقليم كوردستان كان بالامكان وضع دستور للاقليم منذ عام 1992 بعد صدور البيان الفدرالي من قبل برلمان كوردستان واللذي قرر بموجبه تحديد حق الكورد في العاق كصيغة للتعايي السلمي بالفدرالية ولكن لم يتم ذلك ، ومنذ صدور الدستور العراقي لسنة 2005 ونفاذه في سنة 2006 واعترافه باقليم كوردستان اقليم ضمن العراق الاتحادي كان يجب على الاقليم وضع دستوره استنادا لاحكام المادة 120 من الدستور ولكن رغم مرور ما يقارب 15 سنة على نفاذ الدستور الاقليم لايزال بدون دستور.

لا شك هناك عدة اسباب ومعرقلات داخلية واقليمية تقف امام سن الدصتور في الاقيم منها:

- عدم وجود سلطة عليا واحدة في الاقليم بل هناك سلتطين واحدة في اربيل والثانية في السليمانية كلاهما تعتبر نفسها مساوية للاخرى
- التاثر الاقليمي المتمثل بتدخلات كل من الدولتين الجارتين ايران وتركيا
- عدم وجود عقلية رجال الدولة بل عقلية رجال السلطة والحزب والنظ الى الدستور من منظور حيزبي ضيق هيمنة عقلية الثوار او المعروفين بجيل وعقلية الجبل على الساحة السياسية في الاقليم وعدم السماح للقوى والاحزاب المدنية القوية بالظهور

لكي يكون للاقليم دستور جيد يجب ازالة تلك المعرقلات


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190

**Summary**

The Constitution is the basic law and from it all authorities derive their powers and the legitimacy of their actions, through which the form of the state, its government, its system of governance, the nature of authorities, their competencies, the relations between them, and their limits are determined, in addition to determining the rights of citizens: individuals and groups, and ensuring the performance of these rights for them. It is the right of any region or state in the federal state to have a constitution, and in the Kurdistan region it was possible to establish a constitution for the region since 1992 after the issuance of the federal statement by the Parliament of Kurdistan, which decided to define the right of the Kurds to disobey as a formula for peaceful coexistence in federalism, but this was not done, Since the issuance of the Iraqi Constitution of 2005 and its entry into force in 2006 and its recognition of the Kurdistan Region as a region within federal Iraq, the region should have drawn up its constitution based on the provisions of Article 120 of the Constitution. Undoubtedly, there are several internal and regional reasons and obstacles that stand in the way of the enactment of the constitution in the most valuable of them

- There is no single supreme authority in the region, but there are two authorities, one in Erbil and the other in Sulaymaniyah, both of whom consider themselves equal to the other

The regional impact represented by the interventions of the two neighboring countries, Iran and TurkeThe absence of the mentality of the statesmen, but the mentality of the men of power and the party, and looking at the constitution from a narrow hierarchical perspective.

In order for the region to have a good constitution, these obstacles must be removedy

[i] سەیری دکتور فتحي فكري القانون الدستوري / المباديء الدستورية العامة  الكتاب الاول  2004 طبعة منقحة ومزيدة شركة ناس للطباعة ص 11

[ii] بەم پێیە جیاوازی هەیە لەنێوان یاسای دەستوری و دەستوردا چونکە یاسای دەستوری فراوانترە لە دەستور و بابەتی تر لەخۆ دەگریت لە دەرەوەی چوارچیوەی بڕوانامەی دەستور

[iii] هەرچەندە هەن دەڵێن کە دیاری کرنی شێوەی دەوڵەت کاری دەستور نیە چونکە دەوڵەت و شێوەکەی پێش دەستورن واتە دەوڵەت پێشتر هەیەو دەستور دوای ئەو دێت و کاری ڕێکخستنی حکومەت و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتە  سەیری دکتۆر فتحی فکری بکە هەمان سەرچاوەی پێشو لاپەڕە ٢٠


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190

[iv] سەیری الدكتور حميد حنون خالد مبادیء القانون الدستوري وتطور النظام السياسي في العراق ، مكتبة السنهوري الطبعة الاولى بغداد 2013 ص 10

[v] سەیری دكتور ثروت البدوي ، القانون الدستوري وتطور الانظمة السياسية في مصر ، دار النهضة العربية ، القاهرة ، 1971، ص 13 وما بعدها

[vi] https://www.parliament.krd/business/publications/ سەیری بەیننامەی جاڕدانی فیدرالی بکە لەم لینکەوە

[vii] سەیری دكتور ثروت بدوي النظم السياسية دار النهضة العربية ,القاهرة , 1954 ص 253
وكذلك الدكتوران محمود خيري عيسى وبطرس بطرس غالي , المدخل في علم السياسة , وكتبة الانجلو مصرية , الطبعة الثانية عشر 1991 ص189
هەروەها سەیری فاضل الصفار /في سلطة الدولة ومصدر سيادتها وشرعيتها لەم لینکە: https://abu.edu.iq/islamic-sciences/courses/general-lessons/20state-jurisprudence/11

[viii] سەیری ئەم لینکە بکە
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/310720194

[ix] بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم لینکە بکە
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/080620179

[x] فەرماندەی هێزەکانی ٧٠ مستەفا چاوڕەشە لەکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەروەە فەرماندەی هێزەکانی ٨٠ ش نەجات عەلی فاتمە لەکاتی ئێستادا

[xi] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پشتگیری کردنی ئێران بۆ یەکێتی نیشتیمانی و تورکیا بۆ پارتی دیموکرات لە شەڕی ناخۆی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو وە جێگیرکردنی سنوری هەردوو زۆنەکە سەیری ئەم لینکە بکە
https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%B4%DB%95%DA%95%DB%8C_%D8%A8%D8%B1%D8%A7%DA%A9%D9%88%DA%98%DB%8C

[xii] ڕێگریەکانی بەردەم دەستوری هەرێم بنواڕە
https://xelk.org/slider/286247/

[xiii] باپیر کامەلا سەرۆکی فراکسیۆنی ئاراستەی سێیەم لە پەرلەمانی کوردستان ، دەستوری هەرێم دەستورێکی حیزبی دەبێت
http://archive.xelk.org/dreja.aspx?Jmare=21502&Jor=1

[xiv] بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە ئەم لینکە
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%86%D9%82%D9%84%D8%A7%D8%A8


doi.org/10.21928/uhdicdial.pp181-190